# وەڵامی دووەمم بۆ ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید



یەکشەممە 9.1.2011

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی وەڵامێکم بۆ چاودێری کوردۆساید لەژێر ناوی (وەڵامێک بۆ ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید)دا، عەلی مەحمود محەمەدی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، وەڵامێکی بەندەی داوەتەوە بەناوی (وەڵامێک بۆ بەڕێز کاکە دەرسیم دیبەگەیی)، کە پێدەچێت ئەوە وەڵامی کوردۆسایدیش بێت، چونکە بەندە ڕەخنەی لە ڕاگەیاندنێکی کوردۆساید گرتبوو، کەچی لەلایەک عەلی مەحمود وەڵامی داوەتەوەو ئەوان خۆیان بێدەنگ کردووە کەواتە وەڵامەکە وەڵامی ئەوانیشە، لەلایەکی تریشەوە لە زۆر شوێندا عەلی ووشەی ئێمەی بەکارهێناوە، بۆیە دووبارە وەڵامی دووەمیشم ئاراستەی چاودێری کوردۆساید دەکەم.

کاتێک کە چاودێری کوردۆساید باسی ئەوە دەکات کە: ((چاک هەوڵی بەدادگایی گەیاندنی نەزار خەزرەجی، وەفیق سامەرائی، عەباسی بایز ئاغا و هادی شاویس .... و سکاڵا تۆمار کردن لەسەر زۆر تاوانکاری دیکەی کردووە)، ئەو دەربڕینەی ئەوان تەنیا یەک واتا دەگەیەنێت کە خۆیان بەکارەکە هەڵساون، بەڵام نامەوێت زۆر بێمەوە سەری چونکە لە وەڵامەکەی کوردۆساید و عەلی بۆ بەندە نووسیویانە (واتە ئێمە نەمان وتووە ئەم دۆسیانە بەدەستی ئێمە ئەنجام دراوە)، هەروەها کوردۆساید باسی هەندێک لە ڕاستییەکانیان کردووە و باسی ئەوەیان کردووە کە کێ بە ئەرکی بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی هەڵساوە. وا بۆ جارێکی تریش دووبارەو سەدبارەی دەکەمەوە کە چەندین لایەن لە پێشەوەی هەموویان (کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە کە دواتر بوون بە ڕێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک)ی ئەوکات، هاوکار و پشتیوانی ئێمە بووینە لە هەوڵەکانماندا بۆ بەسزاگەیاندنی ئەو تۆمەتبارە.

سەربارەت بەوەی کە کوردۆساید باسی ئەوەیکردووە کە گۆران هەڵەبجەیی نوێنەری ئەوان بووە لە کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانیمارک، سەرەتا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێم کە گۆران هەڵەبجەیی ئەندامی کۆمیتەکەمان بووە، بەڵام ناوبراو کەی هات و بەکردەوە چ ئەرکێکی گرتە دەست، ئەوە هەویرێکەو ئاو زۆر هەڵدەکێشێ. گۆران هەڵەبجەیی، وابزانم بۆ یەکەم جار لە ڕێکەوتی (10.10.2001)دا هات بۆلای (بیۆن ئیلمکویست)ی پارێزەری ئێمەی سکاڵاکار کە ئەو ڕۆژە پێنج کوردی دیکە بڕیاریاندا سکاڵا لەدژی نزار خەزرەجی تۆمار بکەن و ژمارەمان بوو بە شەش کوردی سکاڵاکار (بە ڤیدیۆ دانیشتنمەکەم هەیە لەگەڵ پارێزەردا هەرکاتێ پێویستی کرد سەیری دەکەمەوە). ئەوەبوو دواتر گۆران هەڵەبجەیی خۆی وونکرد، تەنانەت ڕۆژی (28.10.2001) کە کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمیتەکەمان لە شارۆچکەی غۆسکیلە بەست، ئامادەنەبوو. دوای گلەییکردنم لە گوران هەڵەبجەیی لای ئەندامێکی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە، بەوەی کە گۆران خۆی دزییەوەتەوە لێمان، ئەو ئەندامەی ئەوکاتی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و ئێستای کوردۆساید بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم کە (ئەبو تارا)ی بەرپرسی دەرەوەی ئەوکاتی حزبی شیوعی لای ئەو باسی کردووە کە (هەوڵی بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی گەمەیەکی بەعسییەکانە و بەدەستی موخابەراتی ئێراقییەوە ئەنجام دراوە)، ئەو ئەندامەی چاودێری کوردۆساید بە بەندەی ڕاگەیاند کە بەدڵنیایی (ئەبو تارا) گۆرانی ساردکردۆتەوە. دوای قسەکردنی ئەو ئەندامەی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە لەگەڵ (ئەبو تارا)داو گلەیی لێکردنی، گوران هەڵەبجەیی بۆ کۆبوونەوەی دووەمی کۆمیتەکەمان کە هەر لە شاری غۆسکیلە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (2.12.2001)دا بەسترا دەرکەوتەوە، کە هەر ئەو ڕۆژە گۆران کرا بە ئەندامی کۆمیتەکەمان. پێویستە لەو نووسینەمدا و لە باسکردنی هەردوو کۆبوونەوەی کۆمیتەکەماندا، سوپاسی زۆری برای بەڕێزم کاک فوئاد ئیبراهیم قورشاغڵوویی و خوشکی بەڕێزم فەریدە خانی خێزانی کاک فوئاد بکەم کە زۆر پێمانەوە خەریک بوون و هەردوو ڕۆژەکە و هەر جارەی خواردنی زۆرتر لە (20)

کەسیان ئامادەکرد بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکان. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (2.12.2001)دا گۆران هەڵەبجەیی بوو بە ئەندامی کۆمیتەکەمان دواتریش وەک نوێنەری کەمپین. بەڵام با بێینە سەرئەوەی دوای ئەوەی کە ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی تا ڕۆژی ڕاکردنی نزار خەرزەجی لە ڕێکەوتی (16.3.2003)دا ئەو ئەندامەمان چی بۆ کۆمیتەکە کرد! گۆران هەڵەبجەیی بەناو بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو لە کۆمیتەکەدا، بەڵام با بێتن نیشانی بدات کە تەنانەت یەک ڕاگەیاندنیشی نووسیبێت و بڵاوی کردبێتەوە؟ تەواوی ڕاگەیاندنی کۆمیتەکەمان لەژێرناوی ئاسۆی دادگاییکردنی تاوانبار نزار خەزرەجی، هەردەم ئەحمەد عەزیز و بەندە ئامادەمان کردووە و ئەحمەد عەزیز نووسیوێتی، هەمان ڕاگەیاندن بە عارەبی سەرەتا ئەحمەد عەزیز بەتەنیاو دواتر کوڕێکی عارەب بەناوی عەمار دەینووسی، هەموو ئەو ڕاگەیاندن و بانگەوازی کۆمیتەکەمان، کە بەندە هەموو دانیمارکییەکانم دەکردە کوردی و بۆ ئەحمەد عەزیزم فاکس دەکردن و ئەویش دەینووسین و دواتر بۆ ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکانی کوردستان و هەندەران و عارەبییەکانیشمان بۆ ماڵپەڕە عارەبییەکان دەنارد، با گۆران بێتن و باسی یەک بابەت بکات کە وەریگێڕابێت و بەناوی کۆمیتەکە بڵاومان کردبێتەوە؟ تەواوی دانیشتنی دادگاکان و لێکۆڵینەوەکان بەندە یاداشتی دەکردن و دواتر پاکنووسم دەکردن و بۆ ئەحمەد عەزیزم دەناردن، ئەویش هەمووی لەسەر کۆمپیوتەر دەنووسین و دواتر بڵاومان دەکردنەوە. تەواوی ئەو نووسین و دەنگوباسانەی کە لە ڕۆژنامە دانیمارکییەکانم وەرگرتووەو کردوومن بە کوردی بەدەستنووسی خۆم پارێزراون، با ئەو نوێنەرەی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمیتەکەمان ئەگەر تەنانەت یەک ئاسۆی دادگاییکردنی نزار خەزرەجی بە کوردی یان عارەبی، یان یەک جار ڕۆژنامەیەکی دانمارکی وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی و بەناوی کۆمیتەکەمان بڵاوی کردبێتەوە با بێتە وەڵام! بەڵام ئەگەر شتێکی بۆخۆی کردبێت و بەناوی خۆی بڵاوی کردبێتەوە، ئەوە بۆ کۆمیتەکە نەبووە. گۆران هەڵەبجەیی تەنیا یەک دانیشتنی دادگا ئامادەبوو، کە پرسیارێکی لە نزار خەزرەجی کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە و دواتر بەناوی خۆی بڵاویکردەوە.

کوردۆساید لە وەڵامەکەیاندا بۆ بەندە دەڵێن: (ئێمە خۆنیشاندانی 16.3.2002ی دانیمارکمان ڕێکخست، پەیوەندیمان کرد، بەڵگەنامە پەیدا کرا، هاوکاری سەرەکی بووین لە دۆسیەکە).
ڕاستە بەشێک لە بەڵگەنامەکان ئەوان پەیدایانکرد، هاوکارمان بووینە لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەدا، بەڵام ئەوەیان دوورە لە ڕاستی کە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە بەتەنیا خۆنیشاندانی (16.3.2002)یان ڕێکخستبێت. ئەو بۆچوونەی کوردۆساید زیادەڕۆیی و شێواندنی ڕاستییەکانە، چونکە سەرەتا ئێمەو کوردێک بەناوی فائیق کە سەر بە یەکێک لەو کۆمەڵە کوردییانەی بەشداربوو لە خۆنیشاندانەکە (وابزانم سەر بە کۆمەڵەی کلتووری کوردی – دانیمارکی) بوو هەوڵی وەرگرتنی ڕێگەپێدانی پۆلیسمان دابوو، کە دوای چەند ڕۆژێک پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ بەندە کردو پێیان ڕاگەیاندم کە کەسێکی تریش سەربە کۆمەڵەیەکی کوردی دانیمارکی بەناوی فائیق داوای ڕێگەپێدانی خۆنیشاندانەکەی لە هەمان ڕۆژ، کات و شوێن لە پۆلیسی کۆپنهاون کردووە، بەندەش قایلبووم بەوەی داواکارییەکەی خۆمان بکێشینەوە لەبەرئەوەی فائیق لە پایتەختی دانیمارک کۆپنهاون دەژیاو بەندەش بە دووری نزیکەی (280) کلم لەوێوە. ئێستاکەش ئەو داواکارییەی کە بۆ پۆلیسم ڕەوانکردووە ماوەو مێژووی (4.2.2002)ی لەسەرە. باشە ئەگەر چاودێری کوردۆساید ڕاست دەکەن، بۆ هەوڵی ڕێگەپێدانی خۆنیشاندانەکەتان لە پۆلیسی دانیمارکی وەرنەدەگرت؟ ئەی ئەوە نییە گوران هەڵەبجەیی ئەندامتان بووە لە دانیمارک با ئەو وەری بگرتایە، بۆ ئەو هەوڵی نەداوە؟ سەرەڕای ئەوەی سەرەوە، ڕۆژی یادەکە واتە (16.3.2002) چەند ڕاگەیاندنێک لە شوێنی خۆنیشاندانەکە بە زمانی کوردی و دانیمارکی بڵاوکرایەوە، کە جارێ تەنیا پەیامێکم بەناوی بەشداربووانی خۆنیشاندانەکە کە بۆ پەرلەمان و حکومەتی دانیمارکی نووسراوە دۆزیوەتەوە، کە ناوی (10) کۆمەڵە، یەکێتیی و گرووپی جیاجیای لەخۆگرتووە بەو شێوەیەی خوارەوە (کۆمەڵەی کولتووری کوردی – دانیمارکی، کۆمەڵەی کوردی کۆمکار، کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵەی کوردی لە شارۆچکەی غۆسکیلە، کۆمەڵەی کوردی لە شارۆچکەی کویە، یەکێتیی نووسەرانی کورد لە

ئەوروپا، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئێراقی، کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی و کۆمەڵەی خۆیبوون). کاتێک کە دە کۆمەڵە، کۆمیتەو ڕێکخراوی جۆراو جۆر بەشداری ڕێکخستنی خۆنیشاندانێکیان کردبێت، بۆ دەبێت چاودێری کوردۆساید بەتەنیا بیکاتە هی خۆیان؟ بانگەوازێکی نووسەر و ئەدیبانی کورد کە ڕۆژی (11.2.2002)ی لەسەرە بەناوی ئەو کەسانەی خوارەوە داوای بەشداری خۆنیشاندانی (16.3.2002)ی کۆپنهاون لە کوردانی ئەوروپا دەکەن، کە بریتیین لە (دکتۆر بورهان یاسین، پشکۆ نەجمەدین، دکتۆر جەبار قادر، حەمەسەعید حەسەن، حەمەفەریق حەسەن، سەباحی غالب، عەبدوڵڵا پەشێو، فورات جەواهیری، فەرهاد شاکەلی، محەمەد عەفیف حوسەینی، دکتۆر مەحمود عوسمان و دکتۆر نوری تاڵەبانی). ئەو نووسەر، هۆزانڤان و کەسایەتییانەی سەرەوە هەر لەژێر بانگەوازەکەیاندا نامەیەکیان بە ڕێکەوتی (16.3.2002)دا ئامادەکردووە بۆئەوەی لەو ڕۆژەدا بۆ وەزیری دادی دانیمارکی بینێرن لەپێناوی بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی. سەرەڕای هەموو ئەوانەی سەرەوەش لەبەرئەوەی ڕێگەپێدانی پۆلیس بۆ خۆنیشاندان و یادەکە بەناوی ئەو کۆمەڵە کولتووری کوردی – دانیمارکییە بوو، هەر ئەوان سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی خۆنیشاندانەکەیان کرد، بەڵام پرس و ڕاوێژیان بە تەواوی لایەنەکانی بەشداربووی ڕێکخستنی خۆنیشاندانەکە دەکرد. ئەگەر کوردۆساید پێیوایە ستەمیان لێدەکەم با بێنە وەڵام بە مەرجێک بە بەڵگەوە بێنە وەڵام، ئەوکاتە بەندەش هەموو بەڵگەکان و تەنانەت ڤیدیۆی تۆمارکراوی ئەو ڕۆژەشم لایە و بێگومان لای خۆشیان هەیە دەیخەمە سەر ماڵپەڕەکان! ئەگەر بە بەڵگەش نێنە وەڵام و تەنیا قسە ریزکردن بێت، جارێکی تر وەڵامیان نادەمەوە.

پێموایە عەلی مەحمودی بەرپرسی چەندین ساڵەی ڕێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە و دواتریش ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید، تا ئێستاکە جیاوازی لە نێوان بە ئەندام بوون و دەنگدان و پشتیوانی کردنی ڕێکخراوێک سەربارەت بە بۆچوونێکی دیاریکراو نازانێ! بە دڵنیایی ئەگەر ئەو جیاوازییانەی بزانیبایە، هەرگیز نەدەکەوتە ناو ئەو هەڵە زەقەی کە تێیکەوتووە بەوەی کە دەڵێت: (بگرە گرووپی دادگایی نزار خەزرەجی یەکێک بوو لەو لایەنانەی یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی کەمپینەکە لە بەرواری 6-1-2002 ناوی خۆی وەک ئەندامی کەمپینەکە تۆمار کرد (سەیری ئەم لینکە بکەن www.kurdistannet.net/helebce/lejer.html)، دەبوایا دەرسیم لەمەدا غەدری لە ئێمە نەکردایە ئەو ڕۆژەی ئەوان فۆرمی ئەندام بوونیان لە کەمپین پڕ کردەوە هێشتا هیچ بەرێزێک لە برادەرانی چاک – ئینفۆ نەبووبوونە ئەندامی کەمپینەکە).

جارێ بەر لە هەموو شتێک کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانیمارک نە فۆرمی ئەندامێتیان پڕ کردۆتەوەو نە ناوی خۆی وەکو ئەندامی کەمپینەکەی ئەوان تۆمارکردووە! بەڕاستی تێکەڵکردنی شتەکان بەوشێوەیە، نەزانی و نەشارەزایی نووسەر دەردەخات، بۆیە داواکارم ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید بەپەلە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عەلی مەحمود بدەن و چیتر ڕێگەی پێنەدەن بە ئارەزووی خۆی لێدوان بدات یان وەڵام و ووتار بنووسێت (کە پێموایە زۆر ئەستەمە کوردۆساید ئەو کارەی پێبکرێت و عەلی بەوان کۆنترۆڵ بکرێت)، کە سەرچیخ چوون و سەرکەشییەکانی عەلی دەبێتە مایەی سەریەشە و شکست بۆ ڕێکخراوەکە. دەنگدانی هەر کەسێک، کۆمیتەیەک یان لایەنێک بە یەکێک لە چوار بۆچوونی پێشنیازکراو لەلایەن کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجەدا، بۆ دەبێت پڕکردنەوەی فۆرمی ئەندامێتی و تۆمارکردنی ناوی کەسەکە، کۆمیتەکە یان لایەنەکە بێت بۆ بە ئەندامێتی بوونی لە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجەدا؟ باشە جگە لە کۆمیتەکەمان، کاروان کاکەسووری چیرۆکنووس و نووسەر، بەندە خۆشم هەمان دەنگمان داوە! کەواتە کاروان کاکەسوور و بەندەش ئەندامین لە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە بەبێ ئەوەی خۆمان پێی بزانین. با سەرەتا ئەوە روونبکەمەوە کە ئەندامێتی ئەو کەمپینە بۆ کەسانی ترو خۆشم بە سەربەرزی دەزانم، نەوەک هەندێک کەس بە شتێکی تر لێکی بدەنەوە، بەڵام کە حەزم نەکردبێت و هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامی ئەو کەمپینە نەبووبم کە ئەوە ڕاستیەکەیە، ناکرێت بێدەنگ بم لەوەی کە کەسێک بە ئارەزووی خۆی کۆمیتەکەمان یان بەندە بکات بە ئەندامی ئەو کەمپینە! کاتێک کە ناوی نووسەر کاروان کاکەسوورم بینی، بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوەکرد

و پرسیاری ئەوەم لێیکرد کە ئایا ئەندامی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و دواتریش ڕێکخراوی چاک بووە؟ سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەویش وەکو بەندە کارکردن لە ڕێکخراوێکی وەکو چاک یان کوردۆساید بە شانازی دەزانێت، بەڵام ڕایگەیاند کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندام نەبووە لەو کەمپینەدا.

ئاخر چۆن دەکرێت و لە چ شوێنێکی ئەو جیهانەدا کۆمیتەیەک ئەندامی کەمپینێک بووە، تاوەکو کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی ئەندامی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە بێت؟ دەکرێت چەند ڕێکخراو، کۆمەڵە، کۆمتیە و هتد .... ئەندامی فیدراسیۆنێک بن، بەڵام هەرگیز ناکرێت کۆمیتەیەک یان ڕێکخراوێک ئەندامی کەمپینێک یان کۆمیتەیەکی تر بن.

ئەوەی عەلی مەحمود ئەو لینکەی بۆ کردووەو (www.kurdistannet.net/helebce/lejer.html)، گوایە کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی و ئەوانەی دەنگیان داوە بە یەکەم پێشنیازی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە لە چوار پێشنیازی ئەو کەمپینەدا، فۆرمی ئەندامێتیان پڕ کردۆتەوەو ناوی خۆیان وەکو ئەندامی کەمپینەکە تۆمارکردووە، بریتییە لە جۆرێک لە ڕاپرسی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (5.1.2002)دا لە کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە نەک وەکو ئەوەی عەلی نووسیوێتی گوایە (6.1.2002)، کە هەردەم جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی دامەزراندنی چاک و کوردۆساید دابنرێت نەک ڕۆژی (6.1.2002) کە ڕۆژی (6.1) ڕۆژی دامەزراندنی بەناو سوپای دڕندەی دەوڵەتی ئێراقی داگیرکەری باشووری کوردستان بووە. ڕاپرسی هەر چۆنێک بێت و هەر لایەنێک ئەنجامی بدات، هەرگیز ناکرێت بەوە ناوببرێت ئەوانەی کە دەنگیان بۆ داوە، واتە فۆرمی ئەندامێتییان پڕ کردۆتەوە یان ناوی خۆیان تۆمار کردووە لەپێناوی بوون بە ئەندامی ئەو لایەنە، وەکو ئەوەی لە وەڵامی کوردۆساید و عەلی مەحمود دا هاتووە، کە هیوادارم ئەوە بۆچوونی تەواوی ئەندامانی چاودێری کوردۆساید نەبێت، لەبەرئەوەی بەڕاستی کارەساتە!

بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوە ڕاپرسییەکە بەمشێوەیەیە:

کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە – تکایە ئەو نووسراوە بخوێنەرەوە

تکایە یەکێک لەم چوار خاڵەی خوارەوە کلیک بکە

- زۆر باشە کورد دەبێت بەیەک دەنگ باسی هەڵەبجەو ئەنفال بکات من لەگەڵدام.
- زۆر باشە بەڵام من هیچم لەدەست نایەت.
- ئەو کارە تەنیا کاری پارتە سیاسییەکانە.
- من هێزی (تاقەتی) ئەو سەریەشەیەم نییە.

تکایە لێرەدا تێبینییەکانت بنووسە

تکایە پەیوەندیم لەگەڵ بگرن و من ئامادەم هاوکاریتان بکەم

ئەوەی سەرەوە کە بە ڕەنگی سوور نیشانکراوە، ئەوەیە کە کوردۆساید و عەلی مەحمود ناویان لێناوە پڕکردنەوەی فۆرمی بە ئەندام بوون و تۆمارکردنی ناوی کۆمیتە، ڕێکخراو و کەسەکان بۆ بە ئەندام بوونیان لە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە، ئاخر ئەگەر بۆچوونەکەی عەلی مەحمود ڕاست بێت، ئەوکاتە ئەو کەسانەی کە وەکو نموونە ناویان دێنم و دەنگیان داوە بۆ پێشنیازی یەکەم، دەبێت ئەندامی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە بن! بۆ نموونە: (باوکی ئارام، وەمکلۆ، حەمید، ئاسۆس 23، شاڵاو، نەبەز، تۆفیق) و لە هەموویان سەیرتر (3RA8YA)یە لەگەڵ چەند دانەیەکیش کە نە ناوەکانی خۆیان و نە ئیمێلەکانیان نووسیوە، ئایا دەبێت ئەوانە بە ئەندامی کەمپین ناو ببردرێن؟

عەلی مەحمود لە وەڵامەکەیدا بۆ بەندە نووسیوێتی: (تەنانەت ئێمە پێش ڕاگەیاندنی کەمپینی هەڵەبجەو ئەنفال چ وەک خۆمان یان ژووری پێشکەوتنخوازان هاریکاری جدی و یەکەمی دەرسیم بووینە، هەر واشمان نووسیوەو واش دەڵێین و ڕاستی ناشێوین (ناشێوێنین)، بۆیە هەقی وایە ئەویش هەوڵەکانی هەموو لایەک بچووک نەکاتەوە، وە ڕۆڵی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بدات بە خاوەنانی ڕاستەقینەی خۆی!!!!، کە بە شایەدی خۆی وەک چاودێرێکی ڕاستگۆ کە ئێمەین).

خۆزگە وابوویتایە یان وابوونایە و راستییەکانتان نەشێواندایە. بۆ دەرخستنی ناڕاستگۆیی عەلی، لێرەدا تەنیا نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە لەسەر شێواندنی راستییەکان لەسەر زاری بەرپرسی یەکەمی چاودێری کوردۆساید، کە خۆی زۆر بە لەخۆبایی بوونەوە باسی ئەوە دەکات گوایە هەرگیز راستییان نەشێواندووە! عەلی مەحمود، لە لاپەڕە (51)ی ژمارە (1)ی گۆڤاری تۆپزاوە، ساڵی (2009)دا، کە گۆڤاری رێکخراوی چاودێری کوردۆسایدە و لە ژمارە (1)دا چاودێری کوردۆساید خاوەن ئیمتیاز و لە ژمارە (2)دا عەلی مەحمود خاوەنی ئیمتیازە و هەر خۆیشی بەرپرسی یەکەمی چاودێری کوردۆساید بووە لەکاتی دەرچوونی ژمارە (1)دا، دیمانەیەکی لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس سەلام عەبدوڵلا لەژێرناوی (سەلام عەبدوڵلا: گرووپی بە دادگایی نزار خەزرەجی و ژوری (ژووری) پێشکەوتنخوازان دادگایی نەزار خەزرەجی ئەزموونێکی گرنگە بۆ قوربانیانی گەلێکی بێکەس)دا ئەنجامداوە. عەلی مەحمود لە دیمانەکەیدا لەگەڵ نووسەر سەلام عەبدوڵلا بەمشێوەیە دەست پێدەکات: (<u>حەوت ساڵ لەمەوبەر ناوەندی چاکی دانیمارک، هەنگاوی ئازایەیان (ئازایانەیان) نا بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبار نەزار خەزرەجی. ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە خوێندنەوەی ئەو ئەزموونەیە، هاوکات بۆ بە مێژووکردنیشی پێویستە بە لاپەڕەکانیدا بچینەوە</u>).

پێشتریش باسی ئەوەم کردووە، ئەوکاتەی کە نزار خەزرەجی لە دانیمارک دۆزرایەوە، سکاڵای لەسەر تۆمارکرا و کۆمیتەکەمان لەپێناوی بە دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارە دامەزرا، نە کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و نە دواتریش (رێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک) هێشتاکە دانەمەزرابوون! ئەی باشە بەرپرسی چاودێری کوردۆساید لەپێناوی چی هەنگاوی ئێمە دەکاتە هەنگاوی ئازایانەی ناوەندی چاکی دانیمارک؟ باشە بەرپرسی کوردۆساید بەوشێوەیە دەیەوێت هەنگاوەکەی ئێمە بۆ رێکخراوی چاکی دانیمارک بە مێژوو بکات؟ کە بەقسەی گۆران هەڵەبجەیی بەرپرسی ئێستای کوردۆساید لە هەمان ژمارەی گۆڤاری تۆپزاوە دانیپێدا دەنێت کە خۆی تاکە ئەندامی دوای دامەزراندنی چاک بووە لە رێکەوتی (5.1.2002)دا لە دانیمارک. لە هەمان ژمارەدا گۆران هەڵەبجەیی وەڵامێکی عەلی مەحمودی داوەتەوە، کە دیارە بەر لە چاپکردنی گۆڤارەکە ئەو دیمانەیەی ناوبراوی خوێندۆتەوە بۆیە وەڵامێکی بۆ نووسیوە، کە بە خوێندنەوەی ئەو وەڵامە یان روونکردنەوەیەی گۆران بۆ عەلی، ئەو دەبوایە ئەو پێشەکییە دوور لە راستی و شێوێنراوەی خۆی لادات و ئەوکاتە پێویستیشی نەدەکرد وەڵامەکەی گۆران بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بۆ ئەو دەستپێکەی خۆی لانەداوە، ئەوە دیارە کە بەرپرسی ئەوکاتی کوردۆساید باوەڕی بەقسەکەی خۆی هەبووە سوور بووە لەسەر ئەوەی کە گوایە ناوەندی چاکی دانیمارک (کە هێشتاکە دانەمەزرابوو) هەنگاوی ئازایانەیان ناوە بۆ بە دادگاییکردنی نزار خەزرەجی! هەر کەسێکیش بیەوێت ژمارە یەکی گۆڤاری تۆپزاوە و دیمانەکەی عەلی مەحمود لەگەڵ سەلام عەبدوڵلا و وەڵامەکەی گۆران بخوێنێتەوە، با کلیکی ئەو لینکە بکات:

http://www.dengekan.info/dengekan/files.php?force&file=topzawe1_206639809.pdf

سەبارەت بە هەوڵی بەدادگایی کردنی تۆمەتبار نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، باشە لە سێ دی کەیسی تاوانبارانی ئەنفال کە شاخەوان شۆڕش بۆمی رەوانکرد (لە رۆژی شەممە، رێکەوتی (30.12.2006)دا بەدەستم گەیشتووە) نەک عەلی مەحمود رەوانی کردبێت، بەڵام بەناوی ئەوەوە داوام لە شاخەوان کرد بۆمی رەوان بکات (کە هەر کامێکیان ناردبێتی جیاوازی نییە، بەڵام بۆ زانینی راستییەکان ئەوەم روونکردەوە)، شوێنی نیشتەجێبوونی نوعمە فارس حوسێن محیاوی با نووسیبێت، کە بەندە سەرەتا نەیبینیبێت چی بکەم، دەشێت خۆم ئەوەندە بەدوای شتێکدا بگەڕێم، کەچی بشزانم شتەکە لە کوێدا هەیە و نەمەوێت بیدۆزمەوە؟ خۆ مەرج نییە لە کۆی (9312) لاپەڕەی سێ دییەکەدا هەمووم بینیبێ! کۆپی سکاڵای تۆمارکردنەکەی یەکەمی خۆمم ماوە کە رێکەوتی (18.6.2007)ی لەسەرە و ئەوەی (رێکخراوی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک)یشم لەلایە کە ئەوکاتە بەو ناوە ئیشیان دەکرد، سکاڵاکەی ئەوان بۆ دادگای نەمساوی رێکەوتی (19.6.2007)ی لەسەرە، نەک وەکو ئەوەی عەلی باسی دەکات کە گوایە سکاڵا تۆمارکردنەکانمان مانگی نۆی ساڵی (2007) بووە! هەروەها دەقی نامەکە کە شاخەوان شۆڕش بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی ماوەو رێکەوتی (11.6.2007)ی لەسەرە، لەگەڵ کورتەیەک لەسەر ئەو بەڵگەنامانەی لەگەڵ

سکاڵا کردنەکانمان بۆ دادوەری گشتیی نەمساوی ناردمان، کە ئەوانیش هەر شاخەوان شۆڕش کردبوونی بە ئینگلیزی!
باشە کە عەلی مەحمود و چاک دەیانزانی و لە سێ دییەکە شوێنی نیشتەجێ بوونی نوعمە فارس هەبوو، بۆ دەستپێشخەرییان نەدەکرد تا بیدۆزنەوە و سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن؟ لەپێناوی زۆرتر گەیشتن بە راستییەکان باسی هەندێک شت دەکەم، بەندە کاتێک کە سوڵتان هاشم لە دانیشتنی ژمارە (31)ی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال لە رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (19.12.2006)دا ناوی نوعمە فارس محیاوی هێنا وەکو هاوکاری ئەو لە شاڵاوی ئەنفالی یەکەم، کەوتمە خۆو بەدوادا گەڕانی نووسینێک لەسەر ژنەکەی نوعمە فارس (حەنان شەوکەت) کە پێموایە لە ساڵی (2001)دا کە ئەوکات کۆپیم کردبوو، دواتر لە مانگی ئەپریلی ساڵی (2007)دا ئەو نووسینەم لەسەر ژنەکەی نوعمە فارس (حەنان شەوکەت) دۆزییەوە، ئەوەبوو یەکسەر پەیوەندیم کرد بە دادگای دانیمارکی و پێم راگەیاندن کە ژنەکەی ناوبراو لە نەمسا راوێژکار بوو لە باڵوێزخانەی ئێراق لە ڤییەنا، هەروەها لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی ئەنفالی یەک باسی بەشداری و تۆمەتبارێتی و محەمەد عرێبی دادوەر لە دادگای ناوبراودا باسی فەرمانی دەستگیرکردنی (نوعمە فارس حوسێن محیاوی)یان کردووە. کاتێک کە لە دادگای دانیمارکی داوای ئەو بەڵگەنامانەیان لێکردم سەبارەت بە ژنەکەی نوعمە فارس و فەرمانی دەستگیرکردنەکەی، کۆپی دانیشتنی دادگای تۆمەتبارانی ئەنفال کە هەم سوڵتان هاشم و هەم دادوەر محەمەد عرێبی قسە لەسەر بەشداری نوعمە فارس و فەرمانی دەستگیرکردنەکەی دەکەن بۆیانم نارد، پێش ئەوکاتەش زۆر بەدوای بەڵگەنامەکاندا گەڕام لە سێ دی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال و فەرمانی دەستگیرکردن و هەندێک بەڵگەی ترم لەسەر نوعمە فارس حوسێن دۆزیبووەوە و ئەوانیشم لەگەڵ ئەوانەی پێشوو بۆ رەوان کردن. دوای ماوەیەک لە دادگای دانمارک بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ کردم و گووتیان: (دوای پەیوەندی کردنمان بە دادگای نەمساوە و ناردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆ ئێمەت ناردبوو، ئەوان لە وەڵامدا گووتیان: ئەو بەڵگەنامانەی کە ئەو کەسەی لە دانیماک بە ئێوەی داوە و بۆ ئێمەتان ناردووە، بەڵگەی زۆر باشن، پێشتر نوعمە فارس سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە بەڵام لەسەر شتی زۆر کۆن بووە، کە ئێمە لەسەر ئەو شتە کۆنانە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ناکەین. بەڵام بەو کەسەی لای خۆشتان لە دانیمارک بڵێن کە بە تەنیا ناردنی ئەو بەڵگەنامانە و سکاڵا تۆمارکردن لەسەر ناوبراو و بەتەنێ فەرمانی دەستگیرکردنی ئێراقی، ئێمە نوعمە فارس محیاوی بۆ لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردن بانگ ناکەین، بۆیە پێویستە و باشترە فەرمانی دەستگیرکردنەکە لەلایەن ئینتەرپۆلەوە بێت)! هەروەها ئێمە وەکو دادگاو پۆلیسی دانیمارکی پێتان دەڵێین ئێوەی کورد هەم وەکو تاک و هەم وەکو رێکخراو و کۆمەڵەی کوردی لە ئەوروپا سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن).
لەو رۆژەی سکاڵامان لەسەر نوعمە فارس حوسێن محیاوی فەرماندەی پێشووی فەیلەقی پێنجی بەناو سوپای ئێراق تۆمارکردووە و رەوانمان کردووە بۆ نەمسا، چاودێری کوردۆساید لە هەوڵی بەردەوامدا بووینەو بەندەش یەک جارو یەک هەوڵم داوە ئەویش لە مانگی نۆی ساڵی (2008)دا بووە کە ئەوکاتە لە کوردستان بووم، بۆ دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی نێودەوڵەتی لەلایەن ئینتەرپۆلەوە کە حکومەتی ئێراق لە رێگای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقەوە دەریکات لەپێناوی دەستگیرکردنی نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی. بەڵام نە دادگای باڵای تاوانەکان و نە حکومەتی ئێراق ئامادەن کارێکی وا بکەن و کارئاسانی بکەن بۆ دەستگیرکردنی نوعمە فارس لەلایەن پۆلیسی نەمساوییەوە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نوعمە فارس کەسێکی عارەبی شیعەیەو هیچ تاوانێکی بەرامبەر بە عارەبی شیعە ئەنجام نەداوە، ئەگینا وەکو رەفیق عەبدولحەسەن راهی فرعەونی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس و رازگری نهێنی بیرۆی رێکخستنەکانی فوراتی حزبی ناوبراو دەدرایە دادگا، بەڵام چونکە نوعمە فارسیش بەشێوەی لیوا روکن ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی شاڵاوی ئەنفالی دووەم و فەرماندەی فەیلەقی پێنجی هەولێر، کە دوای رووخانی سەدام بۆ ماوەک گیرا بەڵام بە پەلە ئازادکراو خۆی وونکرد، پشتی هەبوو لەناو حکومەتی ئێراقدا، بۆیە ئەویش کارئاسانی بۆ دەستگیرکردنی نوعمە فارس ناکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێراقەوە!

ئەو قسانەی سەرەوەم هەمووی بە برادەرانی چاک گەیاند و پێکڕا سکالامان لەسەر تۆمەتباری ناوبراو تۆمارکرد بە تۆمەتی بەشداریکردن لە شالاوە دڕندەکانی ئەنفال، نەک وەکو ئەوەی عەلی مەحمود و چاودێری کوردۆساید نووسیویانە (کاتێک بۆ ئەو دۆسیەیە لە مانگی 9ی ساڵی 2007 هاتینە سەر خەت بە شایەدی دەرسیم دوو برای عەرەب لە نەمسا و لە سوید لە هۆڵەنداش کاکە ناجی ئاکرەیی لەسەر هەمان دۆسیەیە لەسەر خەت بوون). بۆ وەڵامی ئەو قسانەی عەلی و کوردۆساید دەڵێم: (تکا دەکەم با عەلی مەحمود ئەوەندە نەمکات بە شایەد کە شتەکان وانین، چونکە کاتێک کە ئێمە هاتینە سەر هێڵ (خەت) بۆ بە دادگاییکردنی نوعمە فارس لەسەر تاوانی شالاوی ئەنفال بوو هەروەها هەمان دۆسیە نەبوو، بەڵکو دوو دۆسیەی جیابوون، چونکە سکالای عارەبەکان کە بەڵگەکانیان بۆم ناردووە لەسەر کوشتنی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێراق بوو کە لە ڕێکەوتی (9.2.1963)دا بەدەستی بەعسییەکان و بەشداری نوعمە فارس حوسێن کوژراوە، هەروەها لەسەر ئەوەی کە نوعمە فارس سەرۆکی دەستەی گوللەباران کردنی سەربازانی راکردوو بووە لە بەرەی جەنگی ئێراق – ئێران لە فەیلەقی چواری میسان و فەیلەقی دووی دیالە کە دەکاتە پێش ناوەڕاستی ساڵی (1987)یش، چونکە نوعمە فارس لە نێوان ڕێکەوتی (28.6.1987- ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی ساڵی 1988) فەرماندەی فەیلەقی پێنج بووە لە هەولێر. ئەگەر سکالا کردنمان لە نوعمە فارس بۆ هەمان مەبەستی عارەبەکان بوایە و لەپێناوی کورد و بەسزا گەیاندنی تۆمەتبارانی ئەنفال نەبوایە، هەرگیز نەدەهاتمە سەر ئەوەی ئەوان ناویان ناوە (خەت) واتە هێڵ). بۆیە باشترە بۆ چاودێری کوردۆساید کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ وەڵامدانەوە کە هەست بە جیاوازییەکان بکات و هەردوو دۆسیەی شالاوی ئەنفالەکان و دۆسیەی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و گوللەباران کردنی سەربازانی راکردووی جەنگی ئێراق - ئێران تێکەڵ بە یەکتر نەکەن!

تێناگەم بۆ دەبێت غەدرم لەو دوو عارەبەی نەمسا کردبێت، کە ئەوان خەریکی دادگاییکردنی تۆمەتبار نوعمە فارس حوسێن محیاوی بووینە لەسەر تاوانێکی کۆن و کوشتنی کەریم قاسم یان گوللەباران کردنی سەربازانی راکردوو کە ئەوانیش تاوانن، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنفال کردنی کورد و کیمیاباران کردنی کوردستان و هەڵەبجە نەبووە! ئەوان بەڕێگای خۆیان و لەپێناوی مەبەستێک سکالایان لە ناوبراو کردووە، کە زۆر جیاواز بووە لە مەبەستی سکالاکەی ئێمە لە تۆمەتباری ناوبراو کە بەشداری شالاوەکانی ئەنفالی کردووە و یارمەتیدەری سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق بۆ کاروباری مەشقکردن و ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراقی (القيادة العامه للقوات المسلحة العراقية) بووە.